# بۆئەوەی راستیەکان نەشێوێنرێت

سەعید ئەحمەد

جەمال عەبدولا لە "زادگە"ی ژمارە 17ی رۆژی 2004/5/29دا، ئەمجارەشیان بە فەرهەنگە بەرزەکەی خۆی کەوتۆتە هەڵڕشتنی قین‌و قسەوقسەڵۆکی سوك‌و دور لە سیاسەت.. من دیسانەوە ئەم قسەو قسەڵۆکانە بۆخۆی بەجێدێڵم‌و وەلامیان نادەمەوە.. بەلام بەڕاستی تا جەمال بدوێنی باشتر شەرحی خۆی ئەکات.

جەمال دیفاعی لە یەکێتی پێ نەکراو  وتی من قسەکەری یەکێتی نیم، کەچی لەو هەموو باسانەی کە لەبارەی خۆشیەوە کراوە ناتوانێ دیفاعێك لە خۆیشی بکات. لەجیاتی ئەمانە جەمال باس لە مەوقعییەتی من لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا دەکات! نازانم جەمال بەمە دەیەوێ وەلامی چی شتێك بداتەوە؟! چ شتێك روون بکاتەوە؟! ئەمە چ پەیوەندییەکی بە باسەکانەوە هەیە، ئەگەر خۆدزینەوە نەبێت لە باسەکان.

جەمال ئەڵێت ئەو باسی ئەوە ئەکات کە من بۆ نان پەیداکردن قەڵەمەکەمم خستۆتەکارو پاساو بۆ کردەوەکانی یەکێتی ئەهێنمەوە، لەکاتێکدا من چەندین ساڵ بەرلەئێستا بە کرێکاری نانم پەیدا کردووەو لە کورە ئیشم کردووە نەك رۆژنامەنووسی.. دەبێ لە وەلامدا پێی بڵێم ئەو جەمالەی بە کرێکاری نانی پەیدا ئەکرد زۆر جیاوازە لەم جەمالەی کە ئێستا خەریکە بە پاساودانی سەرکوتگەریی یەکێتی نان پەیدا ئەکات..

ئەو دەڵێت رۆژنامەگەریی (مهنە المتاعب)ەو رەنگە هەندێك جار خۆیشت بە لەناوچوون بدەیت.. منیش دەڵێم رۆژنامەگەری تیغێکی دوو دەمەو دەکرێ بە هەردوو باردا بەکاربهێنرێت.. کەم نەبوون ئەو رۆژنامەنووسانەی رێگاکەی جەمالیان نەگرتە بەرو لەبەرامبەر سەرکوت‌و ئیستبداددا وەستانەوەو سەروەرییان بۆ خۆیان تۆمار کردو باجی ئەوەشیان بەزیندانی‌و ئەشکەنجەو تەنانەت پەتی سێدارە دایەوە.. بەلام من چی بکەم جەمال لەو رۆژنامەنووسانە نییەو ئەو خۆی رێگای دیفاع لە پێشێلکەری ئازادی‌و زیندانیکەرو ئەشکەنجەگەری هەڵبژاردووە..

بە حیسابی جەمال من لە نوقتەیەکدا تێکەوتوومو دەڵێت "ئەم کاك سەعیە ناڕەزایەتی کاك شێرکۆ بێکەسی لە لێدانی ئەوان بە نموونە هێناوەتەوە، چونکە کاك شێرکۆ نامەی ناڕەزایەتی ئاراستەی یەکێتی کردووە سەبارەت بە لێدانی کۆمۆنیست‌و منیش دیفاعم لە لێدانەکە کردووە، ئا لێرەدا کاك سەعی بە ئیعترافی خۆیی‌و بەدەست‌و پێوە تێدەکەوێت، چونکە ئەو بەم نموونەیە بەڵگەی ژیانی ئازادو بیروڕای ئازاد لەناو یەکێتیدا دەداتە دەست.." سەیرە! جەمال راستبوونەوەو دەنگ هەڵبڕینی ریزەکانی یەکێتی لەدژی کردەوەی سەرکوتگەرانەی سەرکردایەتیان  لەدژی حیزبی ئێمە، نامەی ناڕەزایەتی شێرکۆ بێکەس‌و تەنانەت وازهێنانی چەند کادرێکیان، بە بەڵگەی ژیانی دیموکراسی‌یانەی ناو یەکێتی دادەنێت!! کەسانێك کە پرەنسیپێکیان بۆ خۆیان داناوەو لەوە بترازێ سەرکوتگەری حیزبەکەیان قبووڵ ناکەن‌و بەڕوویدا

ئەوەستنەوە، جەمال ئەمە بە بەڵگەی دیموکراسی بوونی یەکێتی پێمانی دەفرۆشێت. نا جەمال گیان من تێنەکەوتووم، دیسانەوە خۆت تێکەوتوویت! بڕۆ لەو 40 نووسەرو رۆشنبیرە بپرسە کە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس چوونە لای جەلال تاڵەبانی بزانە چی لەسەر ئەم "ژیانی ئازادەی ناو یەکێتی" وتبوو، چۆن وتبووی ئێمە ئەمە لە کەسانی دەرەوەی خۆمان قبووڵ ئەکەین بەڵام هەرگیز لەو ئەندامو کادرانەی خۆمانی قبووڵ ناکەین کە ئەم کارەیان کردووەو ئەمە پێچەوانەی پرەنسیپی ناوخۆی یەکێتی‌یە (ئەو ژیانی ئازادانەیەی کاك جمال خۆی پێوە بائەدات).. بپرسەو بزانە هەر لەمبارەیەوە چی بە هاوڕێن مەنمی کردبوو. ئەگەر ئەمە بەڵگەت بێت بۆ ژیانی دیموکراسی‌یانەی ناو یەکێتی ئەوا ئەمیشت هیچ.. بەڵام دەتتوانی بەڵگەی زیاتر لەسەر ئەم "ژیانی ئازادو بیروڕای ئازادەی ناو یەکێتی" بهێنیتەوە، دەتتوانی باسی چەکڕاکێشانی ناو کۆنگرەی سێ‌ی کۆمەڵەی رەنجدەران‌و بە تەور ئەنجن ئەنجن کردنی کادرانی نەیاری سەرکردایەتی‌و تەنانەت سەرتاشین‌و ئەتك کردنیش بکەیت لەسەر ئیختلافی سیاسی.. لەمبارەیەوە من بەڵگەیەکی تازەتریشم لە سەر "دیموکراسیەت‌و مافپەروەری" یەکێتی پێیە.. بڕۆو هەر لەم ژمارەیەی ئۆکتۆبەرو لەلاپەڕە (8)دا وتاری "کوشتنی زیندانی‌یەك لەژێر ئەشکەنجەدا" بخوێنەرەوەو بزانە لەئاسایشەکەتان چی دەگوزەرێ‌و چەندە دیموکرات‌و ماف پەروەرن.

جەمال لەکاتێکدا ئەم نموونە "زیندووە"ی ژیانی ئازادانەی ناو یەکێتی دینێتەوە ئێمە قەرزاربار ئەکات‌و دەڵێت: "بۆچی لەخۆت ناپرسی‌و بەقیادەکەت ناڵێی ئەو کۆمەڵە گەنجەی کە رۆژگارێك لەناو ئێوەدا هەڵدەسووڕان‌و ئێستا رۆژنامەی (زادگە) دەردەکەن یان دانیشتوون بۆچی‌و لەسەر چی لەناو ئێوەدا نەماوە" جا کاك جەمال وان لە پەنا دەستی خۆتدا بۆچی خۆت لێیان ناپرسیت.. بزانە لەتاو کام دیکتاتۆریەت‌و ژیانی نائازادانەی ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هەڵهاتوون؟ ئەوانە رۆژگارێك کەسانی ئازادیخوازو خەباتکاربوون‌و ئەو ماوەیەی لەناو ئێمەدا بوون شەرافەتمەندانەترین رۆژانی ژیانیان بردۆتە سەر، هەر ئەم کەسانە یان هاوڕێیانی پەنا دەستیان لەسەر کارو خەباتیان لەلایەن حیزبەکەی تۆو ئاسایشەکەتانەوە راونراون‌و ئەشکەنجەدراون.. بەداخەوە کە رۆژیان بەم رۆژە گەیشتووەو چوونەتە پاڵ جەمال عەبدوڵاو ئەو بووەتە مودافعیان.

بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە نابێ ئێمە هەر یەخەی زادگەو جەمال عەبدوڵا بگرین.. ئەمە سیاسەتی یەکێتیەو جوابدانەوەی جەمالیش بایەخەکەی تەنها لەوەدایە کە دیفاع لەم سیاسەتانەی یەکێتی ئەکات بۆیە دەبێ وەڵام وەربگرێتەوە ئەگینا هیچ وەختێك کاتی خۆم‌و خوێنەرانم بە جوابدانەوەی ئەمەوە زایە نەئەکرد.

بەلام وادیارە یەکیتی دەیەوێ دوای نزیکەی چوار سال لە ریگای کەسان‌و بلاوکراوەی بێ پیوانەوە راستیەکان بشێوێنێ. بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی راستیی کێشەکانی نێوان ئێمەو یەکێتی نیشانی خەڵك بدەین، بەتایبەت کە کاتی خۆی زۆربەی ئەم بەڵگانە بەهۆی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی یەکێتی لەدژی حیزبی ئێمە

**بڵاونەبوونەتەوە یان نە گەیشتوونەتە دەستی خەڵك لەم ژمارەیەو لە ژمارەکانی ئایندەدا سەنەدو بەڵگەنامەکانی کێشەو ململانێی نێوانمان بڵاو دەکەینەوە.. بۆئەوەی خەڵك خۆی بەڵگەکان ببینێو قەزاوەت بکات.**